تەوەری کورد و فەلسەفە

## د. محەمەد کەمال پسپۆڕی فەلسەفەی (هیگڵ) لەزانکۆی مالبۆرن، بۆ ڕەخنەی چاودێر:

# فەیلەسوف ئەو مرۆڤە یان ئەو ڕووناکبیرەیە کە خۆی بە وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانەوە ماندوو کردووەو بە شوێن واتای بووندا دەگەڕێت

ئا/هەرێم عوسمان
١-٢

**" ڕەخنەی چاودێر" لەم تەوەرەدا چەند پرسێکی فەلسەفی دەخاتەڕوو بۆ گفتوگۆ لەبارەیانەوە ئەوانیش، فەلسەفە چیە-تێزی فەلسەفە چییە. فەیلەسوف کێیە، پەیوەندی فەلسفەو شیعر -فەلسەفەو زمان- ئایا فەلسەفە قۆرغی دەستەبژێرە؟ ڕۆڵی فەلسەفە چیە لە چارەسەری گرفتەکان؟.. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وەڵامەکان پرسیارەکانمان لەگەڵ وەڵامەکان داناوەتەوە. فەلسەفە گرنگی خۆی هەیە هەروەک دەگوترێ "باشترین بەهرەیەک خودا بەخەڵکی بەخشی بێت ئەوەیە چەند فەیلەسوفی ڕاستەقینەی پێداون" کردنەوەی ئەم تەوەرە لەسەر فەلسەفە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی فەلسەفەی کوردستان، بەهیوایین ماڵی کورد پڕ فەلسەفەو فەیلەسوف بێت.**

**ڕەخنەی چاودێر: فەلسەفە چییە؟ تێزی فەلسەفە چییە؟ فەیلەسوف کێیە؟ ئایا کورد تێزی فەلسەفی هەیە؟ ئایا بوونی تێزی فەلسەفی چ کاریگەریو بایەخێکی لەواقعی هەرێمی کوردستاندا هەیە؟ ئایا بوونی فەلسەفە چەند دەتوانێت هاوکێشەی گرفتەکان بگۆڕێت؟ ئایا ئێمە قەیرانێکمان هەیە بە ناوی ناکارایی فەلسەفەوە؟**

د.محەمەد کەمال: لە سەرەتاوە پرسیاری (فەلسەفە چییە؟) بە جۆرێک دەردەکەوێت وەڵامدانەوەی ئاسان بێت، بەڵام پاش بیرکردنەوە لە وەڵامدانەوەکەی، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە لە بەردەم پرسیارێکی سەختدا ڕاوەستاوین، چونکە ئەم پرسیارە داوای واتاو بنەڕەتی وشەی (فەلسەفە)مان لێناکاتو نایەوێت ڕەگوڕیشە ئیتیمۆلۆجییەکەی بدۆزینەوە. ئەوەی پێویستە لە وەڵامدانەوەکەدا هەبێتو پەیدابکرێت پێناسەکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەو توێژینەوەیەیە، کە بە فەلسەفە ناوزەد دەکرێت. وەستانمان لە ئاستی ئەم پرسیارەدا بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم، پەیوەندی بە ئاڵۆزیو جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی ئێمەوە بۆ فەلسەفە هەیە. دووەمیش فەلسەفە لە خۆیدا بابەتێکی ئاڵۆزەو تێزێکی تایبەتمەندی هەیە، کە ناکەوێتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی زانستیانە. مەبەست لەمەش بەستنەوەی تێزی فەلسەفە بە لایەنە دابڕاوەکان لە داکەوتەوە نییە. من نامەوێ فەلسەفە بە ئاسمانەوە ببەستمەوە. ئەم خاڵەش لە دواییدا باشتر ڕوونیدەکەمەوە.

فەلسەفە یان باشترە بڵێم (بیرکردنەوەی فەلسەفی)، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی زانستیانەوە ، مامەڵە لەگەڵ پرسیارە گەورەکاندا دەکاتو بە شوێن وەڵامدانەوەیاندا دەگەڕێت. گەورەترین پرسیاریش سەبارەت بە واتای (بوون)ە،، چونکە بوون بنەڕەتی هەموو هەبوویەکەو هاوکات دوورترین و نزیکترین ڕاستییشە. ئەم بوونەش واتایەکی گشتی هەیەو لایەنێک یان بەشێکی ڕاستەقینە نییەو (هەموو)یەتی. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی لە بەشێکی بوون دەکۆڵێتەوە، یەکێکە لە زانستەکان. لە بەرئەمە، من فەلسەفە بە زانست دانانێم. فەلسەفە لە زانستەوە جودایە، لەم بۆچوونەوە دەتوانم بڵێم فەلسەفە توێژینەوەیە لە بارەی واتای بوونەوە یان گەڕانە بە دووای ڕاستی بووندا. بەم جۆرە فەلسەفە لەسەر زەمینەی ئۆنتۆلۆجی دادەمەزرێنین. من، لێرەدا، بەگوێرەی بیرکردنەوەمو تێگەیشتنم لە فەلسەفە وەڵامی پرسیارەکەم داوەتەوە. بەڵام نابێت ئەو خاڵەشمان لە بیر بچێت، کە ئەم وەڵامە بۆچوونی منەو ناکرێت وەک دوا وەڵامو تەنیا وەڵام تەماشابکرێت. لەبەر ئەمەش بوو لە سەیربکرێت. لەبەرئەمەش لەسەرەتاوەرەتاوە لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ بۆچوونە جیاوازەکان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەم بەسەختو دژوار دانا. ئێمە واتای جیاوازمان بۆ (بوون) هەیە. جیاوازییەکان بۆ دامەزراندنی پێناسەیەکی هەمەکی (پێناسەیەک هەموومان لەسەری ڕێکەوین) دەبن بەڕێگر.

هەروەها، هەڵوێستی فەلسەفییانە لە ئاستی تێزەکەیداو لە گەڕانەکەیدا بە شوێن واتای بووندا داهێنەرانەو ڕەخنەگرانەیە. بیرکردنەوەی فەلسەفی لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایەو باوەڕی بە دوا قۆناغ نییە. ئەمەش وای کردووە بۆچونی جیاوازمان هەبێتو بەردەوام بناغەی بۆچونەکانمان هەڵوەشێنینەوەو جارێکی دیکە بناغەی نوێتر ڕەنگرێژبکەین. ئێمە دوا وەڵاممان لا نییە، لەبەر ئەمە پرسیارکردن کۆتایی نایەتو بیرکردنەوەش ناوەستێت. لە دوو حاڵەتدا کۆتایی بە پرسیارکردن دێت. یەکەم، لەوێداو لەو کاتەدا، کەسێک لەو باوەڕەدا بێت دووا وەڵامی پرسیارەکانی وەدەست هێناوە. دووەم، ئەو کاتەی پرسیارکردن دەکوژرێتو ڕێگە لە گەشەکردنی بیرکردنەوە دەبەسترێت. هەردوو حاڵەتەکە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تاریکیو ڕووخاندنی بنەما هۆشەکییەکانی شارستانییەت

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە دەگەینە ئەو ئاکامەی، کە فەیلەسوف ئەو مرۆڤە یان ئەو ڕووناکبیرەیە کە خۆی بە وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانەوە ماندوو کردووەو بە شوێن واتای بووندا دەگەڕێت. ئەو دەیەوێت لە واتای بوون بەگشتی تێبگات نەک لە بەشێک یان لایەنێکی ئەم بوونە، کە بواری توێژینەوەی زانستیانەیە.

بەشێکی دیکەی پرسیارەکەت پەیوەندی بە تێزی فەلسەفی لە نێو کوردا هەیەو دەڵێیت: ئایا کورد تێزی فەلسەفی هەیە؟

سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفیو گەشەکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی پێویستی بە کەشێکی ڕۆشنبیری هەیە، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تیایدا نەشونما دەکات. ئەو کەشە ڕۆشنبیرییەش پەیوەندی بە چۆنیەتی کۆمەڵگای (مەدەنی)و ئازادی دەربڕینو بیرکردنەوە هەیە. بیرکردنەوەی فەلسەفی، وەکو دیاردەیەکی شارستانی، لەنێو کەشێکی ڕۆشنبیری نالەبارو کەلتوورو دەسەڵاتێکی سەرکوتکەردا پێش ناکەوێت. ئێمە، تاکو ئەمڕۆ، کێشەی مان و نەمانمان هەیە و نەمانتوانیوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتنخواز دابمەزرێنین، کە بتوانین کەلتوورە ئایینیو خێڵگەری و پیاوسالارییەکەمان یان بە کورتی، سەرکوتکەرەکە بگۆڕین. لەگەڵ ئەمەشدا من ناڵێم مرۆڤی کورد خاوەنی ئەندێشەی فەلسەفی نییە. مرۆڤی کوردیش هەوڵی داوە لە واتای بوون تێبگات. بەڵام ئەم ئەندێشە فەلسەفییە بە ڕێگەی جیاوازتر لە (دەربڕینی فەلسەفییانە) بەرجەستە بووە. ئێمە بە شیعر یان بە ڕێگەی دۆگمای ئایینەوە وەڵامی هەندێک پرسیارمان وەدەست هێناوەو باوەڕمان پێکردووە. نەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لای مرۆڤی کورد کۆستێکی گەورەیە و هەژار بوونێکی ڕۆشنبیری کوشندەیە، کە کۆمەڵێک گرفت لەو نەبوونییەوە پەلکێشی نێو کۆمەڵ دەکات. من ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کرد، کە بیرکردنەوەی فەلسەفییانە داهێنەرانە و ڕەخنەگرانەیە و لەسەر زەمینەی پرسیارکردن ڕادەوەستێت. نەبوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای مرۆڤی کورد مەرگی پرسیارکردن و کوشتنی داهێنانییتی. یەکێک لە قەیرانە گەورەکانمان نەک ناکاری فەلسەفە بەڵکو نەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. مردنی پرسیار و تاج دانان لەسەر لاسایی کردنەوە و شوێن کەوتنی نەزانانە و کوێرانە و جوینەوەی ئەو چەمکانەیە، کە واتاکانیان لە ناپێویستیدا سواون. لەنێو ئەم بارودۆخەدا، هەوڵدان بۆ داهێنانی بیرکردنەوەی فەلسەفی لەم دوواییەدا بە تایبەت لە باشووری کوردستان هاتوتە پێش. بەڕای من جێگەی دڵخۆشییە و لە هەمان کاتدا سەرەتایەکی چاکە.

**ڕەخنەی چاودێر: ئایا هاتنە کایەی ئەو سەرەتایەی بە (بیکردنەوەی فەلسەفی)، ناوزەدی دەکەن لە کوردستانی باشوور تا چەند پەیوەندی بە تاراوگەنشینەوە هەیە؟ بەو واتایە، ئایا ئاشنا بوون بەزمانی وڵاتانی ئەورووپاو ناسینو خویندنەوەی فەلسەفە بە و زمانە و لەسەرو هەمووشیانەوە ئەو کەژە ئازادییەی خۆرئاوا دەبینرێت تاچەند هاوکاری ئەم سەرەتایەی دەکات لە کوردستان؟**

د.محەمەد کەمال: تاکو رادەیەک ئەم سەرەتایە پەیوەندی بە تاراوگەنشینەوە هەیە. مرۆڤی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سوودی لەو کەژە ڕۆشنبیری و ئازادی ڕادەربڕینە وەرگرتووە. هەندێک لە تاراوگەنشینەکان خۆیان گەیاندۆتە زانکۆکان و سەرکەوتووانە لە بوارەکانی فەلسەفە و هونەر و زانستدا خوێندویانە. ئەمەش کاریگەری ئەو کلتوورەیە بەسەر مرۆڤی کوردەوە، کە لە مێژووی شارستانییەتدا بەردەوام ڕوویداوە. فەلسەفەی موسڵمانان، بۆ نموونە لە سەدەی هەشتەمدا لە ئاکامی ڕووبەڕوو بوونەوەی موسڵمانان و فەلسەفەی یۆنانییەوە سەریهەڵدا. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو هۆیە دەرەکییە یان کارتێکردنە تەنیا سەرچاوەو زاگەی بیرکردنەوەی فەلسەفە بێت لای موسڵمانەکان. خۆ ئەگەر کەسانی وەکو (فارابی، ئیبن سینا و رازی)خۆیان خولیای بیرکردنەوەی فەلسەفییان نەبووایە، ئەو کارتێکردنەش ڕووینەدەدا. ئێمەش بە بێ عەشقو سوتانمان بۆ ڕاستی بوون و گەڕان بە دووای کلیلی نهێنییەکانی بووندا (تاراوگەنشین) فێری فەلسەفاندنمان ناکات. هەموو دەزانین (عارف)ە کوردەکان ئاگایان لە فەلسەفە هەبووە. مارکسییە کوردەکان بۆ دامەزراندنی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەوریان بینیوە. ئەگەر تێڕوانینیان بۆ فەلسەفە ڕامیارییانە نەبووایە دەوری باشتریان دەبینی. دووا جاریش، لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتادا کۆمەڵەی (وجودییەکان) لە سلێمانی پەیدابوو، کە من یەکێک بووم لە کەسانی نێو ئەو کۆمەڵەیە و پێش تاراوگەنشین باسی کێشە فەلسەفییەکانمان دەکردو توانیمان بزوتنەوەیەکی فەلسەفی دروست بکەین. پێش ئێمەش کەسانێک هەبوون هەوڵی نووسینی فەلسەفییان بە زمانی کوردی دەدا، لەنێویاندا بۆ نموونە (شاکیر فەتاح، محەڕەم محەمەد ئەمین و جەلال دەباغ). هەروەها دکتۆر حەمید عەزیز لە ساڵی ١٩٧٩ پەرتووکەکەی بە ناوی (سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی) بڵاوکردەوە.

**ڕەخنەی چاودێر: ڕۆشنبیری کورد بە شیعر دەستی پێ کردووە، لە چەندین نووسینێدا باس لە بوونی فەلسەفە دەکرێت لە شیعردا، بە واتای لە ڕێگەی شیعرەوە لە فەلسەفەدا کارمانکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە، نووسینی فەلسەفە گەر لەڕێگەی شیعرەوە بێت ڕێگەی بەلەدایکبوونی فەیلەسوفو فەلسەفە داوە؟ یا بە پێچەوانەوە؟ ئایا چەند شیعر ڕۆڵی فەلسەفەی بینیوە؟ دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت؟ یان نووسینی شیعری فەلسەفی چەند لەنووسینی فەلسەفەی ڕووت لەخوارترە؟**

د.محەمەد کەمال: ئەندێشەی فەلسەفی لای مرۆڤی کورد لە شیعردا بەرجەستە بووە. من لێرەدا باسی شیعری فەلسەفی، وەک شیعرەکانی (پارمەنیدس و ئیمپادۆکلیس) ناکەم. شاعیری کورد توانیویەتی لە داهێنانێکی هونەرییدا ئەندێشەی فەلسەفی خۆی بەرجەستە بکات. نموونەی بەردەستیش چەند شیعرێکی (مەلای جزیری، مەولەوی و مەحوی)هەیە، لە شیعری نوێشدا دەتوانم باسی چەند شیعرێکی (فەرهاد شاکەلی) بکەم. ئەم شاعیرانە لە ژێر کاریگەری (تەسەوفدا) ئەندێشەی فەلسەفییان بە تابلۆیەکی شیعری دەربڕیوە. بەڵام ناتوانین ئەم شاعیرانە بخەینە ڕیزی فەیلەسوفەکانەوە چونکە فەیلەسوف نین. هاوکات پارمەنیدس و ئیمپادۆکلیسیش بە شاعیر دانانرێن. هەر چەندە ئەم دوو فەیلەسوفە بە شیعر بیروباوەڕی فەلسەفی خۆیان دەربڕیوە بەڵام هێشتا لەنێو مێژووی ئەدەبی یۆناندا بە شاعیر ناوزەد ناکرێن و فەیلەسوفن. شاعیرێک دەتوانێت لە کۆپلە شیعرێکدا کێشەیەکی گەورەی فەلسەفی دەربڕێت، ڕەنگە فەیلەسوف بە کتێبێک نەتوانێت ئەو کێشەیە باسبکات. هێشتا ئەو شاعیرە بە فەیلەسوف دانانرێت و شاعیرە و بە شیعر بۆچون و ڕاستییەکی فەلسەفی بە ئێمە ناساندووە.

نووسینی شیعری فەلسەفی لەنێو یۆنانییەکاندا، بە تایبەت سەردەمی پێش سوکرات، باو بووە. پارمەنیدس و ئیمپادۆکلیس بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکانیان باسکردووە. سوکرات نەینووسیوە. ئەفلاتون لە فۆرمی دایەلۆگدا باسی فەلسەفەی کردووە. دەتوانین بڵێین شێوەی نووسینی پەخشان لەگەڵ ئەریستۆدا گەشەی کردووە. لەو کاتەوە شێوەی نووسینی پەخشان بووە بە ناوەندی دەربڕین بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەر فراوانی پەخشان و ئازادی نووسەر لە بەکارهێنانی شوێن بۆ نووسین. لە پەخشاندا نووسەر دەتوانێت درێژە بە توێژینەوەکەی بدات و زۆرتر کێشەکان شیبکاتەوە، بەڵام لە شیعردا ئەمە ناکرێت. ئەم بەراوردکردنە پەیوەندی بە بەرزی و نزمی شیعر و فەلسەفەوە نییە. ئەم دوو شێوە دەربڕینە بەرهەمی فکری (هزری) مرۆڤن. هەندێک جار ئەوەندە لە یەکتری نزیک دەبنەوە کە جیاوازییەکانیان نابینرێن.

**ڕەخنەی چاودێر: بۆچی شاعیرانی وەک (جزیری -مەولەوی - مەحوی) ئێستاش (فەرهاد شاکەلی) لە مێژووی ئەدەبی کوردی بە شاعیر ناوزەد دەکەین، بەڵام شاعیرانی یۆنانی (پارمەنیدس - ئیمپادۆکلیس) بە شاعیر دانانرێن لە مێژووی ئەدەبی یۆناندا، بەڵکو بە فەیلەسوف دادەنرێن؟ ئایا جیاوازییەکە بۆچی دەگەڕێتەوە لەنێوان شاعیرە یۆنانی و کوردەکاندا؟**

د.محەمەد کەمال: بۆچی مەحوی بە شاعیر و پارمەنیدس بە فەیلەسوف دادەنرێت، لە کاتێکدا هەردووکیان شیعریان نووسیوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە سەرەتاوە پەیوەندی بە مەبەستی مەحوی و پارمەنیدس لە پرۆژەی نووسیندا هەیە. مەحوی توانیویەتی لە تابلۆیەکی شیعریدا کێشەیەکی فەلسەفی دەربڕێت، بەڵام مەبەستی ئەو دامەزراندنی بۆچوون و سیستمێکی فەلسەفی نییەو نایەوێت تەفسیری واتای بوونمان بۆ بکات. پرۆژەی ئەو (شیعر)ە نەک (فەلسەفە). مەحوی بایەخ بە جوانی دەربڕین و تابلۆ شیعرییەکە دەدات و دەیەوێت شێوازی دەربڕینەکەی بگەیەنێتە بەرزترین پلەی جوانکاری (ئیستاتیکا). بە پێچەوانەوەی مەحوییەوە پرۆژەی نووسین بۆ پارمەنیدس شیعر نییە. هەرچەندە ئەو بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکەی دەربڕیوە، هێشتا بایەخی بە جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەربڕینەکەی لە تابلۆیەکی هونەری بەرزدا نەداوە. پارمەنیدس دەیەوێت کێشەیەکی فەلسەفی بە ڕەوانیو بێ ڕتووش کردن و پێچانەوەی لە کاڵای هونەریی ڕەنگاوڕەنگدا دەربڕێت. مەبەستی ئەو نووسینی شیعرێکی نایاب نییە، بەڵکو دەربڕینی بۆچوونێکی فەلسەفییە. ئەگەر بڕوانینە شیعرەکەی پارمەنیدس لەسەر بوون و بیخوێنینەوە، تابلۆی هونەریو دەربڕینە شیعرییەکەی سەرنجمان ڕاناکێشێت، تەنانەت عاتیفەشمان ناجوڵێنێت، بەڵکو لە ئاستی کێشەیەکی گەورەی فەلسەفییدا ڕاماندەگرێت و داوای بیرکردنەوەمان لێدەکات و هزرمان دەجولێنێت. بە کورتییەکەی دەمەوێت بڵێم، مەحوی دەیەوێت ببێت بە شاعیر بۆیە شیعری نووسیوە، پارمەنیدسیش ویستوویەتی ببێت بە فەیلەسوف نەک شاعیر.

**■ مەحوی توانیویەتی لە تابلۆیەکی شیعریدا کێشەیەکی فەلسەفی دەربڕێت، بەڵام مەبەستی ئەو دامەزراندنی بۆچوون و سیستمێکی فەلسەفی نییەو نایەوێت تەفسیری واتای بوونمان بۆ بکات. پرۆژەی ئەو (شیعر)ە نەک (فەلسەفە)**

**ڕەخنەی چاودێر: هەندێک نووسەر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی کوردی مەودای نووسینی فەلسەفەی تێدا نابێتەوە. ئایا زمانی کوردی، ئەو زمانەیە کە بتوانین بۆ نووسینی فەلسەفی بەکاریبهێنین؟ ئەو نووسینە فەلسەفیانەی هەنوکە دەبینرێت چەند گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە زمانی کوردی دەتوانێت بۆ نووسینی فەلسەفی بەکاربهێنرێت؟ ئایا هیچ کاتێک زمان ڕێگری دەکات بۆ لە دایکبوونی فەلسەفەو فەیلەسوف؟**

د.محەمەد کەمال : کێشەکانی زمانی کوردی زۆرن. ئێمە تاکو ئەمڕۆ گرفتی ڕێنووس و خاڵبەندی و بەکارهێنانی جۆری پیت و لەسەرو هەموویانەوە زمانێکی یەکگرتوومان هەیە. حەز دەکەم ئەو خاڵەش بڵێم، کە تاکو ڕادەیەک دەستگای ڕاگەیاندنی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان کێشەکانیان ئاڵۆزتر کردوە. کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە بێ ڕێکەوتن و پرس و ڕا بە ڕێنووس و ڕێزمانێکی هەڵەوە پیتی لاتینی بەکاردەهێنن. مرۆڤی کورد ڕۆژهەڵاتییە و خاکەکەشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. بەکارهێنانی پیتی لاتینی مرۆڤی کورد ناکات بە ئەورووپی. منداڵی کورد لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ زانکۆ بە پیتی عەرەبی دەنووسێت. کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش پیتی لاتینی بەکاردەهێنن. ئەمە جۆرێکە لەسەر لێشێواو هەستنەکردن بەلێپرسینەوە. گۆڕانی شێوازی نووسین و خوێندنەوە بۆ گەلێک، وەکو گەلی کوردە کە لە**قۆناغێکی** مێژوویی ناسکدا دەژی، کاری کەناڵی تەلەفزیۆن نییە. پێویستە بیروڕای هەموو لایەنێک وەربگیرێت و لە سەروویانەوە (کۆڕی زانیاری کورد)، وەکو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و زانستی باڵادەست، زەمینە بۆ گۆڕانەکە خۆش بکات. ئەم کارەش بە ڕۆژو دوو ڕۆژ ناکرێت، چونکە ئێمە لەو حاڵەتەدا دەبێت، وەکو (تورکە کەمالیستەکان) نەفرەت لە ڕابردووی خۆمان بکەین و ئەو زەخیرە ڕۆشنبیرییەی بە پیتی عەرەبی بە درێژایی سەدەیەک نوسیومانە، وازی لێبهێنین. تورکە کەمالیستەکان لەم کارەدا مەبەستی خۆیان هەبوو. لە بۆچوونە ناسیۆنالیستە بیر تەسکەکەیانەوە بە سەقەتی دەستیان دایە پرۆژەی تازەگەری و شوێنکەوتنی کوێرانەی ڕۆژئاوا. ئەوان دەیانویست (تورک) بە گەلێکی پێشکەوتنخوازو ئەورووپی لە قەڵەم بدەن و نکۆڵییان لە ڕابردووی خۆیان کرد. بەڵام ئایا تورک لەگەڵ بەکارهێنانی پیتی لاتینی توانی ببێت بە مرۆڤێکی ئەورووپی؟

بێگومان، ئەوانەی لەو باوەڕەدان زمانی کوردی مەودای نووسینی فەلسەفەی تێدا نابێتەوە، تاکو ڕادەیەک ڕاست دەکەن. زمانەکەمان ئەوەندە پێش نەکەوتووە تاکو ئێمە بێ ماندووبوونو هەناسەبڕکێ بتوانین دەقێکی فەلسەفی پێ بنووسین. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمەی کورد دەستەئەژنۆ دانیشین و هەوڵ بۆ پێشخستنی زمانەکەمان نەدەین؟ ئایا دەبێت ئێمە هەوڵی نووسینی فەلسەفی نەدەین، چونکە زمانەکەمان بۆ ئەو جۆرە نووسینە مەودای نییە؟ ئایا فەڕەنسییەکان یان ئەڵمانییەکان کەی بە زمانەکەی خۆیان دەستیان بە نووسینی فەلسەفی کرد. هەموو دەزانین دێکارت بە فەرەنسی و لایبنیز بە ئەڵمانی کتێبەکانیان نەنووسیوە. زمانی فەلسەفی فەڕەنسیو ئەڵمانی لەگەڵ گەشەکردنی ئەو دوو زمانەدا لە دایک بوو. مرۆڤی کورد لە ئاستی نووسینی دەقێکی فەلسەفییدا توشی گرفت دەبێت، بەڵام نابێت ئەو گرفتە چاوترسی بکات و ببێت بەکۆسپ و ڕێگر لە بەردەم پێشخستنی زمانی کوردیدا. ئەمڕۆ چەند بەرهەمێکی فەلسەفی بە زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە، لەبەر ئەوەی هەموویانم نەخوێندۆتەوە ناتوانم بڕیار (حکوم) بەسەر باشی وخراپی ئەو بڵاوکراوانە بدەم.

ئەگەر بتوانین خراپی بەرهەمە خراپەکانیش دەستنیشان بکەین دەتوانین سودیان لێوەرگرین و هەوڵ بدەین جارێکی دیکە ئەو هەڵانە نەکەینەوەو خۆمان لە خراپەیەکە دوورخەینەوە. زمان بە پڕی و تەواوی پەیدا نەبووە. بە درێژایی تەمەنی گەلێک زمانەکەش بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشەکردندایە. دروستکردنی (زمانی فەلسەفی کوردی)، کە پێویستییەکی مێژووییە، ئەرکی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردە.



harem_o@yahoo.com